# سەمەندەری وێنە لەگرێ دوو شیعری ئەنوەر قادر جافدا

د. عبدالسلام سالار/ زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان

## پێشەكی

لەحەفتاكانی سەدەی ڕابردووەوە تائێستا ئەدەبی كوردی لەزۆرلایەنەوە تیشكی خراوەتە سەر و بەرهەمی زۆر لەشاعیرانی ئەو سەردەمەش بایەخیان پێدراوە، بەڵام هەر لەو سەردەمەشدا هەندێ شاعیر هەن سەرەڕای هەڵوێستی نەتەوایەتی و بەرزی ئاستی شیعرەكانیان ئاوڕێكی ئەوتۆیان لێ نەدراوەتەوە و هیچ لێكۆڵینەوەیەكیان لەسەر نەكراوە لەوانە ئەنوەر قادری شاعیر. كەئێمە دەمانەوێ لەم لێكۆڵینەوەیەدا خوێنەران بەئاستی هونەری ئەم شاعیرە ئاشنا بكەین و ڕووناكیەك لەوردەكارییەكانی چنینی وێنەدا داگیرسێنین.

باسەكەمان لەدوو بەشدا بەئەنجام گەیاندووە

لەبەشی یەكەمدا لەوێنە و ڕاجیاوازەكان لەبارەیەوە دواوین

لەبەشی دووەمدا بەشێوەیەكی پراكتیكی لەدوو شیعری شاعیرمان لەبارەی هونەری چنینی وێنەوە كۆڵیوەتەوە كەئەوانیش (پشكۆكانی ناخم) و (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ن

بەخستنەڕووی ئەنجام و ناوی سەرچاوە سوود لێوەرگیراوەكان كۆتاییمان بەباسەكە هێناوە

- بۆئەم لێكۆڵینەوەیە دیوانی (زریان و زایەڵە و زنار) مان بەكارهێناوە و ژمارەی لاپەڕەكانمان لەگەڵ كۆپلە شیعرییەكاندا داناوە.

-

## وێنە، وێنەی شیعریی

وێنە وەكو وشە لەفەرهەنگدا زیاتر واتای ڕووخسار و شێوەی دیوی دەرەوەی شتەكان دەگرێتەوە[1]، لەقورئانی پیرۆزیشدا زیاتر هەر بەو واتایە بەكارهاتووە وەك (في أي صورة ماشاء ركبك)[2] (يصوركم في الارحام كيف يشاء)[3]. كەباس لەوێنە دەكەین یەكسەر ئەو پرۆسەیەمان بەبیردا دێت كەهەستی بینینی تێدا بەكاردێنین، بەكارهێنانی فرچە و رەنگ و سێبەر لەدروستكردنی تابلۆیەكدا دوایش گوێزراوەتەوە بۆ بواری شیعر

کاتێ هونەرمەند ڕەنگ و سێبەر و هێڵ دەکاتە بۆتە بۆ هەست و سۆزی و لە تابلۆیەکدا بەرجەستەی دەکات، ئەو بەرجەستەکردنە بەڕێگای بینینەوە هەستی پێ دەکرێت، هەر ئەو هەست و سۆزە دیسان لەلایەن شاعیرێکەوە بەهۆنراوە دەردەبڕرێ، بەڵام جیاوازی شیعر لەگەڵ تابلۆ لەوەدایە کەشیعر دەنگە، بەڕێگای بیستنەوە دەگەیەنرێ... و تابلۆ بەڕێگای بینینەوە دەگەیەنرێ، ئەگەر زیاتر لەم بارەیەوە ورد ببینەوە، دەبینین لەتابلۆدا واتای زانیاری هەموو بەرهەمەکە بەشێوەی پانی (نسق) و لەچرکە ساتێکدا و بەڕێگای بینینەوە دەگەنە مێشکی بینەر چونکە زانیاری و وردەکاری هەموو بەرهەمەکە لەو چرکەیەدا دەبینرێن و ئامادەن بۆگەیشتن بۆ مێشکی بینەر، بەڵام لەشیعردا لەبەرئەوەی شیعر دەنگی یە، واتا بەڕێگای بیستنەوە و بەوشە دەگەیەنرێت، وشەش یەك لەدوای یەك دێن و کاتی دەوێ، درەنگتر دەگەنە مێشکی گوێگر ((شاعیر چرکەساتی یەك لەدوای یەکی هەیە بۆ گەیاندنی سۆز و هەڵچوونی، بەڵام وێنەکێش یان پەیکەرتاش چرکەساتێکی هەیە لەشوێندا))[٤] لەبەرئەوە ئەو هەست و سۆزە کەلەشیعردا هەیە بەهۆی وشەی یەك لەدوای یەکەوە دەگەنە مێشکی گوێگر دوای خایاندنی کاتێك کەزۆر زیاترە لەو ماوەیەی هەست و سۆزی تابلۆیەك دەگاتە مێشکی گوێگر. وێنە هەرچەندە خوڵقاوی خەیاڵی شاعیرە بەڵام دزەکردنی شاراوەکانی نەستین بۆدەرەوەی دەروونی بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، لەبەرئەمە شاعیر بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنیان پەنا دەباتە بەر بەراووردکردنیان لەگەڵ ئەوانەی کەلەجیهانی هەستیدا هاوشێوەیانن، چونکە وێنە خۆی ((پێکهاتەیەکی زمانی یە، خەیاڵی هونەرمەند لەچەند شتێکەوە دروستی دەکات و جیهانی هەستی لەپێشەوەیانەوەیە، چونکە زۆربەی وێنەکان لەهەستەوەرەکانەوەیە و ناشبێت لێرەدا وێنە دەروونی و عەقلییەکان پشت گوێ بخرێن هەرچەندە کەمتر دێن))[٥] بۆنموونە ئەحمەد هەردی شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە دەروونییەی کەلەئەنجامی خۆشەویستیدا بەسەری هاتووە، دەبینین پەنا دەباتە بەر دیاردەی گەردەلوول کەچۆن نەمام لەڕەگەوە دەردێنێ، لێرەدا ئێمە بەڕێگای ئەم دیاردە هەستییەوە بەحاڵەتی دەروونی ئەحمەد هەردی ئاشنا دەبین، جائەم بەراوردکردنە لەڕێگای شێوازی چواندن یان خواستن یان درکەوە دەبێت، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەندێ جار جیهانە هەستییەکان بەڕێگای جیهانی عەقڵییەوە زیاتر بەرجەستە کراون وەکو گۆرانی شاعیر کاتێ دەڵێ (گەرچی عەبا وەك خەیاڵی من)، هەروەها لەقورئانی پیرۆزیشدا بەسەری شەیتان کەکەس نەیدیوە ئەو دەرکەوتنەوەی (طلع) زیاتر بەرجەستە کردووە کەخۆی هەستییە و دەبینرێ. هەرچەندە هەندێ لەبیرمەندانی ئەم بوارە سنووری وێنەی شیعریی تەسکتر دەکەنەوە و تەنیا لەسنووری خواستندا جێی دەکەنەوە، چونکە پێیان وایە وێنە ئەوەیە کەبەڕێگای شتێکەوە، شتێکی تری ئامادە نەبوو و نادیارت بۆ بەرجەستە کرد، تا ئەو ڕادەیەی وتوویانە (قسە هەرکاتێ خواستنی تێدا نەبوو، هەموو ئاماژەی بەواتا ڕاستیەکان بکات ئەو قسەیە زۆر دوورە لەپاراوی و بێ بەرییە لەڕەوانی))[٦] هەرچەندە هونەری تریش هەیە ئاماژە بەواتا ڕاستیەکان ناکات وەکو درکە (هێزی شیعریش لەوەدایە کەسۆز و هەڵچوونەکان بەڕێگای وێنەوە ئاشکرا دەکات نەك بەڕێگای دەربڕینی ڕاستەوخۆوە). هەرچەندە (ڕیتمی جووڵەی گەیشتن بەواتا خاوە)[٧] و بەوردەکارییەوە خەریك دەبێ بەڵام هەموو لەپێناوی زیاتر کاریگەرییە لەدڵ و دەروونی گوێگر. هەروەکو سی دی لویس دەڵێت وێنەی شیعری ((کشانەوەیە لەڕاستی لەپێناو کارلێکردنێکی باشتر لەگەڵێدا))[٨]، واتا کاتێك بەکەسێکی ئازا دەوترێت شێر، کشانەوەیە لەڕاستی،

چونکە ئەو کەسە شێر نییە بەڵام سیفەتی ئازایەتی کاریگەرتر لەو کەسەدا بەرجەستە دەکات، دوای ئەوەی لەواتای شێر کەئاژەڵە، دەپەڕینەوە بۆ واتای دووەمی کەکەسێکی ئازایە، بەڵام ئەمە لەهونەری لێچواندندا نییە، چونکە لە لێچواندندا لەڕاستی نەکشاینەتەوە و هەردوولای لێچواندنەکە هاتوون و نەبوون بەیەك، لەبەرئەمە ((ئەم ئەندێشە ئیجابیە کەجیهانی خوازەیی دەیبەخشێ، لەچواندندا نییە))[٩] چونکە خوازە چڕکردنەوەیەکی هونەرییە و وزەیەکی ئەندێشەیی بەرفراوان دەبەخشێت، چێژ و جوانی لەو پێوەندییە ئەندێشەییەوە سەرچاوە دەگرێت، کەلەنێوان چوێنرا و پێچوێنراودا دروست دەبێت و واقیع تێدەپەڕێنێت، هەرئەمەشە وای لە (سید قطب) کردووە لەبارەی وێنەکانی قورئانی پیرۆزەوە بڵێت ((بەهۆی وێنەوە، شێوە و جووڵە بەواتای زەینی دەدرێت و باری دەروونیش دەبێتە تابلۆیەکی بینراو))[١٠]  بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەوێنە گیان و ناخی شیعرە کەناکرێ هیچ کاتێ پشتگوێ بخرێت، چونکە بەم ڕێگایەیەوە سۆزی گوێگر دەوروژێنرێ، هەروەکو بلنسکی و شلیگڵ دووپاتی دەکەنەوە کە (شاعیر بەوێنە بیردەکاتەوە)[١١] چونکە وێنە گرنگترین ئەو ئامڕاز و بابەتانەیە کەخەیاڵ بەهۆیانەوە شیعر دەخولقێنێ، ئەو وشانەش کەدەبنە بۆتە بۆ وێنەیەکی شیعری هەموو خوازەنین، لەوانەیە وشەیەك یان دووان خوازەبن و ئەوانی تر یارمەتیدەربن لەچنینی وێنەکەدا ، کەدەوترێت (گوڵەکە هات)، تەنیا گوڵ لێرەدا خوازە (خواستن)ە، فرمانی هات بۆ واتای خۆی بەکارهاتووە و تەنیا لەخواستنی نوواندندا تێکڕای دەربڕینەکە بۆ واتای خوازەیی هاتووە وەکو (ئاسنی سارد دەکوتێ)، بەپێچەوانەشەوە هەندێ جار (دەستەواژەیەکی وەسفی کەخوازەی تێدا بەدی ناکرێت، وێنەیەکی بەرزمان بۆ دەخولقێنێ و شتی وا دەخاتە زەینمانەوە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستییە دەرەکییەکان نەبێت و کۆمەڵێ ئیحامان پێ دەبەخشێت)[١٢]. هەموو مرۆڤێك سۆز و هەڵچوونی خۆی دەردەبڕێت، مرۆڤی ئاسایی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت بەڵام شاعیر ناڕاستەوخۆ، بەڕێگای وێنەوە، واتا بەڕێگای پەیوەستێکییەوە یان بەڕێگای هاوشێوەی لەکەرەسەکانی سرووشتدا دەریدەبڕێت و جیاوازی نێوانیان لەوەدایە مرۆڤی ئاسایی وەکو زانیاریەك ئەو هەڵچوونە دەگەیەنێ و هیچ چێژێك نابەخشێت، لەکاتێکدا شاعیر بەڕێگای بەکارهێنانی وێنەوە ختۆکەی گوێگر دەدات و چێژی پێ دەبەخشێت، مەبەستی شیعریش زیاتر چێژ بەخشینە و کاریگەرییە لەسەر گوێگر نەك تەنیا گەیاندنی زانیاریی.

لەمێژووی ئەدەبی کوردی دا چەند وێستگەیەك هەن درێژایی ئەم مێژووییەیان چراخان کردووە، باباتاهیری هەمەدانی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، دوایش گۆران و هاوڕێکانی پرشنگدارترین ئەو وێستگانەن، هەروەك دەبینرێ هەریەك لەو وێستگانە لەشاعیرێکدا بەرجەستە بووە و پێی ناسراوە، حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش شایەنی ئەوەیە کە وەك وێستگەیەکی بەردەوامیی ئەو چراخانە بژمێررێت، کەتێیدا کۆمەڵێ شاعیری تینووی ئازادی ژیان و بیر و شیعر مەشخەڵی ئەم شۆڕشە یان هەڵگرتبوو، دەستەی ڕوانگە قورسایی ئەم پەیامەیان گرتبووە ئەستۆ کەخۆی لەنوێبوونەوە لەجەستە و گیانی شیعر و گەشەکردنی گیانی ناسیۆنالیستی دەبینیەوە، ئەنوەر قادری شاعیریش یەکێك بووە لەو دەنگە بوێرانە و ڕوانگەیەکی تربووە لەدەرەوەی ڕوانگە، ڕەنگە ئەم لەگۆشە نیگایەکی ڕوونترەوە ڕوانیبێتە باری ڕۆشنبیری ئەو دەمە بەحوکمی ئەوەی شارەزای ئەدەبی عەرەبی بووە و ئاگاداری پەیامی

شاعیره نوێخوازەکانی ئەو دەمەی عەرەب بووە، ئەمیش ویستوویێتی مەیموونی شیعر لەناخ و ڕووخسارەوە بەشێوەیەك بگۆڕێ کەلەگەڵ ویستی سەردەمدا بگونجێ، ئەم هەڵوێستەی لەکۆڕ و کۆبوونەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی بەغدادا زیاتر بەرجەستە بووە

ئەنوەر قادری شاعیر لەئامێزی کلۆڵی و نەهامەتییەکانی ژیانی ئەم گەلەوە بەرەو ئاسۆی خوێنین، خۆی بەتیشکی خۆردا هەڵواسیوە.. هەستی ناسکی بەرگەی ئەم گەردەلوولی نەهامەتییە نەگرتووە و لایشی شوورەیی بووە بەرامبەر بەمانە دەست لەئەژنۆ، کرنۆشی ڕازیبوون بەرێ، بەڵکو گرکانی دەروونی هەڵچووە و بەڕووی دوژمناندا هەڵشاخاوە و هەرچی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیشی هەبووە لەگڕی ئەوینی نیشتماندا سووتاندووە.

ڕاستیشە گەربڵێین گەرمیان کەلانکەی شاعیرە، نزیك بەکەڵبەی دوژمن بووە، لەشوێنەکانی تر کەمتر ئەو بوارەی بۆ ڕەخساوە لەبارەی گەشەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریەوە یارمەتیدەری خەڵکەکەی بێت، بەڵام بوونی شاعیر لەخێزانێکی نیشتمان پەروەر و حەز بەزانست، بەتایبەتی باوکی کەزانایەکی ئاینیی ناوچەکە بووە، یارمەتیدەری بووە بۆئەوەی یەکەم هەنگاوی ئەم ڕێگا سەختە ببڕێ، دوایش تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس بەپلەی یەکەم بواری زیاتری بۆ دەرەخسێنێ بۆئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی پەروەردە بکات، وەکو ناردنی لەلایەن میرییەوە بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات ئەگەر لایەك بەلای میریدا وەرچەرخێنێ، بەڵام ئەمە ناکات بەڵکو زیاتر لەسەر بیروڕای خۆی سووردەبێ و بەرژەوەندی کەسیی دەخاتە لاوە و شێوەی دەرچوونی بۆ دەرەوەی وڵات خۆی هەڵیدەبژێرێ نەك بەنزیکبوونەوە لەڕژێم. شاعیر ئەگەر نەڵێم سەرپاکی شیعرەکانی، ئەوا زۆربەی شیعرەکانی هەڵوێست نوواندنە بەرامبەر بە پیرۆزی نیشتمان، تالەو شیعرانەشی کەبۆ مەبەستی تر وتوێتی قیبلەنومای خەیاڵی هەر بەرەو نیشتمان بووەتەوە، سەردەمی ژیانی لەبەغدا و ڕێگای سەفەری نێوان بەغدا و دەربەندیخان کالیزما یان خەوە شیعری ناو پاسەکانی ئەو ڕێگا نەبڕایەیە یان شەوانە پیاسەی شەقامەکانی بەغدا مامانی دەیان وێنەی دڵرفێن بوون، دوایش گێرسانەوەی لەتاراوگە و تێکەڵبوونی فرمێسکی غەریبی بەگڕی سۆزی نیشتمان هێندەی تر وێنە شیعرییەکانی نەخشاندووە.

چەکەرەی خەیاڵی شیعریی لای ئەنوەر قادری شاعیر، لەسەرەتادا بەدەیان گوڵە وێنە بەهاری شیعری بۆ هێناین... بەڵام چی بەهارێك، بەهارێك پشکۆ تەڕیی بوو، سمووم کزبای فێنکی بوو، فرمێسکی سوور بارانی بوو، وائێمە لێرەدا هەندێ لەو وێنانەی بەشی زریان گوڵبژێر دەکەین و لێیان دەدوێین. لەشیعری (پشکۆکانی ناخم) دا کەبەجوانترین وێنە چنیوێتی. دەڵێ :

**پشکۆکانی ناخم** ل٥

کزەبای کێوی ژانی تاڵ
گەڵای زەردی وەریوی گیان
ئەورووژێنێ
تەمی چاوی هۆنراوەکان

پرشنگی سوور ئەتاسێنێ

.............

کەی چاوی مەیوی ئاسمان

کڕیوەی بەفرێکی تینوو

بۆژەنگی سەرشەقامەکان ئەبارێنێ؟

کەی ئاگری مەشخەڵەکان

سنوورەکانی دەروونمان ئەبچڕێنێ؟؟

لەم شیعرەدا بەزنجیرەیەك وێنەی یەك لەدوای یەك...کۆمەڵێ لەنهێنیەکانی نەستی شاعیر دزە دەکەنە دەرەوە..کە باجەکەی پەتی سێدارەیە، بەڵام شاعیر بێ باکانە وێنەکانی خۆی پێدەچنێ، ئەگەر شیعر بریتیبێ لەوێنەیەك یان دوو وێنە و بەدوایدا وچانێك بەوێنە، بەبەکارهێنانی چەند وشەیەکی ئاسایی (فەرهەنگی)، دوایش چەند وێنەیەکی تر، ئەوا شیعر لای ئەنوەر قادر زنجیرەیەکی نەپساوەیە لەوێنە و کەم بەوشەی فەرهەنگی وچانی شیعری داوە، ئەوەتا لەژانی تاڵ، کێو و لەگیان، درەختی گەڵاوەریو، لەهۆنراوە، مرۆڤێکی چاو تەماوی دەخولقێنێ و تینی خۆشەویستی وادەکات زامەکان خەنجەرە خوێناوییەکان شەرمەزار بکەن و، دیارە هیچ بەزەییەکی خوایش نییە، شەقامەکان و بەفر وەکو خەج و سیامەند تینووی یەکن بەڵام بەیەك ناگەن ، لەگەڵ ئەم هەموو چرای سەوزە بۆ چۆکدادانی بەڵام شاعیر ئاڵای بەگژاچوونەوەی ئەم واقیعە تاڵە هەڵدەکات و گڕی ڕقی دەکات بەداس بۆ دروێنەی خەمەکانی و لەگۆڕستانی دڵیشیدا مردن دەنێژێ وەکو دەڵێ:

کاتێ بەداسی تیژی گڕی ڕقی سوور   ل٥

دروێنەی دڕکی خەم ئەکەم

باوەشم بۆ چەپکێ هەتاو واڵائەکەم

لەکفنی گۆڕستانی تاری ناو دڵما

چاوی مردن تێرخەو ئەکەم

شاعیر لەچنینی وێنەکانیدا بەڕوونی هەست بەوە دەکەی کە وشە و ڕستە وەکو سێبەرێك هاوتەریبی هەڵچوونە دەروونەکانێتی واتا ئەوەی لەدەروونی شاعیردایە و کەس هەستی پێ ناکات لێرەدا وێنە وەکو تارماییەك هێناوێتێ دەرەوە.

ڕقی‌سوور ← لابردنی ← خەمەکان          وێنەی چوێنراو

داس ← دروێنەی ← خەلە (گەنم و جۆ)          وێنەی پێچوێنراو

تەنیا مرۆڤ گیاندار نییە لای ئەنوەر قادری شاعیر بەڵکو سرووشت هەموو گیاندارن و مرۆڤ ئاسا هەڵسوکەوت دەکەن و ژووانی ئەوانیش هاوکات دەبێ لەگەڵ ژووانی شاعیر و خۆشەویستەکەی، لێوی بەفر بۆ مژینی مەمکی چیا، ساماڵی سڕ بەرەو نشێوو دەستبازیی لەگەڵ نەمامەکان، باسکی زین بۆ ژوورسەری مەم.... شاعیر و خۆشەویستەکەی دوانەیەکن لەمانە.. دووانەیەکی ئەزەلی.. هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ

ئەواندا نییە و دەیەوێ بڵێ کەی زین و مەم، بەفر و لووتکە لەیەك زوێربوون و پێوەندییەکانی نێوان شتەکانی سروشت تێکچوو ئەوسا با من و تۆش وەکو ئەوان بین.

خەم بەردەوام وچان بەژیانی شاعیر نادات لەناخەوە برینە، بۆیە بەردەوام چاوی خەیاڵی پڕخوێنە و ژیانی ناخۆش، بووە بەنەشتەرێك و لەنەستیدا هەردەم ئامادەیە، بۆیە چاوەڕوانی لای شاعیر دەبێتە لاشەیەك و ژانی ژیانی تاڵیش دەبێتە ئەو واشەیەی کە هەڵیدەدڕێ.. شاعیر دەیەوێ ئەمانە هەموو بکاتە کەرەسە و هەوێنی شیعرێکی نوێ.. بۆیە هوزاری دەروونی لەبیابانی چاوی یاردا بەدوای شیعرێکدا، ڕێبوارێکی وێڵە.. نەگەیشتن بەئاوات و بێزاریی و دڵەڕاوکێ لەلایەك و بروسکەی کۆڵنەدان لەنەستی شاعیردا لەلایەکی ترەوە هاوکێشەیەکی هاوسەنگن کردووەتەوە و بەردەوامی داوە بەم ناجێگیرییەی دەروونی شاعیر، بۆیە بەردەوام بۆشیعرێك هەردەگەڕێ و دەڵێ:

زۆردەمێکە دەنووکی واشەی ژانی تاڵ ل٦
جەرگی جەستەی چاوەڕوانیم هەڵئەدڕێ
زۆردەمێکە هوزاری تاسەی دەروونم
ڕێبوارێکە
لەساماڵی چاوەکانتا
بۆ ورشەی ئەستێرەی گەشی
هۆنراوەیەك هەر ئەگەڕێ
هەر ئەگەڕێ.. خۆشەویستم.

شاعیر وەك دەبینرێ وچان بەتاکە وشەیەك نادات و بەوێنەی ڕەنگاورەنگ باریان دەکات، کەرەسەی وێنەکانیشی هەموو لەسرووشتی کوردستانەوەن، دیارە مەبەستی شاعیر لەیارەکەشی هەر کوردستانە کەلەو دەمەدا زینی کوردستان بەهەزاران بەکری ناحەز و دوژمن تەنرابوو بۆئەوەی مەمی کورد پێی شاد نەبێت، شاعیر لەچنینی وێنەکاندا ڕۆڵی بەهێما داوە، بەڵام هێمایەك هەر زوو مێشك بۆواتای بچێ کەنیشانەی بوێر و چاونەترسی شاعیرە چونکە باکی لەو باجەی نەبووە کەکۆت و زیندانی دوژمنە، بەکارهێنانی وێنە هەر بۆلایەنە چێژ و هونەرییەکەی بووە نەك پەردە پۆشکردنی مەبەستەکانی، بەکارهێنانی مەم وەکو هێمایەك بۆ کوردستان زۆر واتا ڕوونە، نزیکە لەوەی بڵێین دووانێکی ڕاستەوخۆیە.

شاعیر لەم شیعرەیدا و، بۆ چنینی وێنەکانی پەنای بردووەتە بەر هەندێ هونەری ڕەوانبێژی، ناونیشانی شیعرەکەی بەوێنەیەکی بەهێزی خواستنی ئاشکرا دەستپێکردووە، لۆجێکی نییە پشکۆ لەناخی شاعیردا هەبێ بەڵکو پشکۆ بۆخەم و خەفەتی شاعیر خوازراوە، دیارە خەمە کەڵەکەبووەکانی ناخی هێندە بەئازارن ئۆقرەی لێ بڕیون، لەکۆپلەی یەکەمدا، شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی قەوارەی ئەو ژانە زۆرەی پێوە دەتلێتەوە، سەختی کێوی بینیوە تابیکات بەنیشانەی نەهامەتییە لەبن نەهاتووەکانی ژیان و ئازارەکانی پێ بچوێنێ، دوایش وێنەی درەختێکی گەڵاوەریوی پایز بەشاراوەیی بۆ گیانی وەڕسی

دەخوازێ، لەوێنەکەدا وشەی درەخت هەرچەندە خوازراوە بەڵام بەرچاو ناکەوێ چونکە بەڕێگای درکەوە خوازراوە، واتا بەڕێگای پەیوەستێکیەوە کە (گەڵا)یە، درەخت بوونی لەڕستەکەدا پەیدا دەکات، لێرەدا دەبینین ژان و گیان بەکەرەسە سروشتیەکان واتا بە (کێو و گەڵا) بەرجەستە کراون بەڵام دوایش پرۆسەی چنینی وێنەکانی دواتر بەپێچەوانەوە بەئەنجام دەگەیەنێ، شتەکانی سروشت بەئەندامانی لەشی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە کاتێ دەڵێ (چاوی هۆنراوە) (دڵی خاچ) کەلێرەدا واتای مرۆڤی بۆ (هۆنراوە و خاچ) خواستووە، ئەمەش دیسان بەڕێگای خواستنی شاراوەوە بەئەنجامی گەیاندووە، چونکە وشەی مرۆڤ لەوێنەکاندا بوونی نییە، تەنیا بەڕێگای (چاو، دڵ)ەوە بوونی خۆی سەلماندووە، دیارە ئەم جۆرە لەخواستن، بەهێزترین جۆرە چونکە توانای گیان بەخشینی بەشتە بێ گیانەکان هەیە وەك (چاوی ئاسمان، بەفرێکی تینوو)، وێنە هەروەك لای شاعیر دەبینین توانای کۆکردنەوەی شتە هاودژ و نەگونجاوەکانی هەیە بەفر خۆی کەئاو بێ ئیتر بۆچی تینووی بێ... لێرەدا تینوو، ئارەزوو دەگەیەنێت کەدیسان وێنەکە لەسنووری خوازە دەمێنێتەوە چونکە ئارەزوو سیفەتی بەفر نییە کەپێی دراوە.

شاعیر لەدوا دێڕی کۆپلەکەدا پرسیار لەو ڕۆژە دەکات کەمیللەت ڕزگاری دەبێ؟ چونکە تابەواقیعی ڕزگاری نەبێ گڕ لەمەشخەڵان بەرنادا و هەر بەتەنیا لەدەروونی کەسە دڵسۆزەکانیدا گەشاوە دەبێ، شاعیر لێرەدا بێ ئەوەی خۆی ماندووی چنینی وێنە بکات جوانترین وێنەی چنیوە، مەشخەڵان بۆئەوەی سنووری دەروون تێ پەڕێنێ بەرەو واقیع و هەر هیوا و دروشم نەبێ.. دەبێ قوربانی بۆ بدرێ و لەمردن سڵ نەکرێ، شاعیر زانیوێتی کەهەر تەنیا لەتوانای خواستنی شاراوەدایە ئەم حاڵەتە بەرجەستە بکات بۆیە پەنای بۆ بردووە.... و بەردەوام شاعیر ئەو جۆرە هونەرانەی بەکارهێناوە کەهەردوو لایەنی وێنە (چوێنراو و پێچوێنراو) دەخاتە ڕەگەزی یەکەوە و هەروەها پەنای بۆ چواندنی ڕەوان بردووە و کەم چواندنی ئاسایی بەکارهێناوە چونکە لەچواندنی ڕەوانیشدا جۆرە بوون بە (یەکێك) (تماهی) لەنێوان چوێنراو و پێچوێنراوادا دروست دەبێت وەك لەخواستندا دروست دەبێت. مەبەستی شاعیریش لەمەدا ئەوەیە کەهەست و نەستی خۆیشی وەکو بەشێکی دانەبڕاو و ئاوێتەی ئەم سرووشتەی کوردستانە سەیربکات دەڵێ:

کزەبای کێوی ژانی تاڵ     ل٥
گەڵای زەردی وەریوی گیان
ئەوروژێنێ
تەمی چاوی هۆنراوەکان
پرشنگی سوور ئەتاسێنێ
خۆشەویستی و پەیامی سپیی عیسایە
تەنانەت دڵی خاچەکان ئەگرێنێ
کەی چاوی مەیوی ئاسمان
کرێوەی بەفرێکی تینوو
بۆ ژەنگی سەرشەقامەکان ئەبارێنێ؟!

کەی ئاگری مەشخەڵان
سنوورەکانی دەروونمان ئەپچڕێنی؟!

شاعیر هەردەم ڕێگای کۆڵنەدان و ڕاپەڕینی بەرامبەر بەو واقیعە تاڵە هەڵبژاردووە و هەرگیز سازشی لەسەر نەکردووە و ڕەشبین نەبووە تاخەم کەڵەکەبێ و ڕێگای ژیانی لێ بگرێ لەبەرئەوە دەڵێ:

کاتێ بەداسی تیژی گڕی ڕقی سوور ل ٥
دروێنەی دڕکی خەم ئەکەم
باوەشم بۆ چەپکێ هەتاو واڵائەکەم
لەکفنی گۆڕستانی تاری ناو دڵما
چاوی مردن تێرخەو ئەکەم

شاعیر لەم کۆپلەیەدا بەزنجیرەیەك چواندنی ڕەوان کەلەئەنجامدا چەند چواندنێکی وێنە بەوێنە دروست بووە، وێنەکانی چنیوە.

ڕقی بەداس و خەمی بەدڕك چواندووە و نەهێشتنی خەمی بەدروێنەی دڕك چواندووە و لەئەنجامیشدا چواندنێکی وێنە بەوێنە دروستبووە.

گڕی ڕقی سوور ←(نەهێشتنی)— خەم وێنەی یەکەم چوێنراو

داس ←(دروێنەی)— دڕك وێنەی دووەم پێچوێنراو

دوایش شاعیر لەدەستەواژەی (گڕی ڕقی سوور) دا هونەری خواستنی شاراوەی بەکارهێناوە ، ڕقی بەئاگر چواندووە ، ئاگر لەوێنەکەدا نەهاتووە بەڵکو گڕ کەپەیوەستی (لازم) ئاگرە هاتووە، واتا ئەوەی خوازراوە بەڕێگای درکەوە خوازراوە کە (ئاگر)ە بۆیە پێی دەوترێ خواستنی شاراوە، لەبەکارهێنانی سیفەتی (سوور) یشدا، ئاساییە گڕ بەسوور وەسف بکرێت بەڵام دەشوترێت (ڕقی سوور) لێرەدا (ڕق) بەسوور وەسف دەکرێت ، ڕەنگی سوور لەپەیوەستەکانی خوێنە و خوێنیش لەپەیوەستەکانی تووڕەیی و شەڕ و خوێنڕشتنە کەئەمەش ئەو پەڕی تووڕەیی شاعیر دەگەیەنێ.

دیسان بەشێوازی چواندنی ڕەوان ، دڵی خۆی بەگۆڕستان و (مردن)یش بەکەسێکی مردوو دەچوێنێ و لەگۆڕستانی دڵیدا مردن دەنێژێ.

ناو دڵی شاعیر ——← ناشتنی مردن (واتا سڵ نەکردن لەمردن)

گۆڕستان ——← ناشتنی مردوو

لەکۆپلەی سێیەمدا دیسان لێچواندنی وێنە بەوێنە، ئەرکی بەرجەستەکردنی هەڵچوونە دەروونیەکانی شاعیری لەئەستۆ گرتووە کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەفر ←(داباریني)— سەرچیاکان وێنەی یەکەم چوێنراو

لێو ـــمژینیـــ◄ گۆی مەمك        وێنەی دووەم پێچوێنراو

دوایش دەڵێ: کاتێ ساماڵ.... ساماڵی سڕ

بەدڵێکی پڕ لەگڕ

بۆباوەشی نشێوەکان

بۆ دەستبازی نەمامە باڵا سەوزەکان ئەچێ

ساماڵ لێرەدا بەڕێگای خواستنی شاراوە دەبێتە دڵدارێکی خوێن گەرم بەرەو دەسلەملانێی نەمامی باڵا سەوزی دڵداری دەچێ دەستبازیی ڕووی لێکچوونی ئەم دوو وێنەیەی خوارەوەیە:

وێنەی یەکەم        ساماڵ ـــــــ◄ نەمامە باڵا سەوزەکان

وێنەی دووەم  بەڕێگای پەیوەستی (دەسبازی)یەوە ڕەگەزەکانی وێنەی دووەممان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

دڵدار ـــدەستبازیـــ◄ یار

واتا لێرەدا شاعیر خواستنی نوواندنی لەچنینی وێنەکەدا بەکارهێناوە بەڵام بەپێچەوانەی خواستنی نوواندنی ئاساییەوە، چونکە لێرەدا تەنیا وێنەی چوێنراو هاتووە لەگەڵ پەیوەستی وێنەی دووەم (پێچوێنراو)دا کە (دەستبازی)یە لەکاتێکدا لەخواستنی نوواندنی ئاساییدا بەردەوام وێنەی دووەم (پێچوێنراو) دێت لەگەڵ پەیوەستێکی وێنەی یەکەمدا، دەشبێت بەخواستنی ئاشکرای پاشکۆیی بەوەی کەدەسبازی لەجێی شەکانەوە هاتووە، فرمان لەجێی فرمان هاتووە، وتراوە ئەدەب بەگشتی جوگرافیای شوێن و کات و یاساکانی سروشت هەڵدەوەشێتەوە و سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە شاعیر دەڵێ:

کاتێ مەلی نیشتووی سەر درەختی ئارام        ل٦

کەشەو ئەمرێ

بۆباوەشی گەش و ئاڵی بەیان ئەفڕێ

لێرەدا شاعیر لەچنینی وێنەکەدا کات و شوێن تێکەڵ بەیەك دەکات. (بەیان) کاتە لێرەدا باوەشی بۆ پەیدادەبێ و وەکو شوێنێ بەرجەستە دەبێت و باوەش بۆ مەلەکان دەگرێتەوە بەڵام کەی؟ کاتێك کەزەمەن بەتونێلی شەودا تێدەپەڕێ و ئاسۆ دەردەکەوێ :

لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێ        ل٦

کاتێ باسکی بەفرینی (زین)

لەناو دنیای گیانی وێڵ و ڕووباری بیری

پڕ شەپۆلی (خانی) دا

بۆ ژوور سەری پڕ دڕکی مەمی ناو زیندان

ئەچێ...... ئەچێ
لەهێلانەی گەرم و گوڕتا ئەنیشمەوە

لەچنینی وێنەدا بەردەوام نیشتمان و یار بە (زین) چوێنراوە و خەباتگێڕان و دڵداران چوێنراون بە (مەم) چونکە ئەوەی کۆیان دەکاتەوە، پەرۆشی بەیەك گەیشتنە، بەڵام لەم وێنەیەدا شاعیر خۆی بەرامبەر بەزین و نیشتمانیشی یان یارەکەی بەرامبەر بەمەم داناوە :

شاعیر ——بۆباوەشی——◄ یارەکەی

زین ——بۆ ژووری زیندانی——◄ مەم

واتا شاعیر لێرەدا وێنەکەی بەشێوەیەکی نامۆ چنیوە هەرچەندە مەبەست لێرەدا تەنیا پەرۆشی بەیەك گەیشتنە، ئەگەر هەموو ووردەکارییەکان لەسەر ئەم وێنەیە بنیات بنێین ڕەنگە وێنەیەکی سەرکەوتوو نەبێت چونکە وەك دەزانین چارەنووسی چیرۆکی مەم و زین کەلەچنینی ئەم وێنەدا ئەرکی بەرجەستەکردنی حاڵەتی شاعیری گرتۆتە ئەستۆ، نەگەیشتنە بەیەك، دیارە شاعیریش نەیویستووە چارەنووسی وێنەکەشی بگاتە ئەم ئەنجامە.

## وێنە لەشیعری وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاددا

لەشەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەستی ناسیونالیستی لای تاکی کورد گوڕ و تینێکی باشی بەخۆوە بینی، ئەمەش لەئەنجامی چەوسانەوەی میللەتەوە بوو لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغداوە و خەباتی میللەتانی تریش هاندەرێك بوون لەم بارەیەوە، ڕادەی چەوسانەوە چەندە زیاتر بێت لەبەرامبەردا ڕقی پەنگخواردووی میللەت بەتەوژمێکی زیاتر دەتەقێتەوە، ژیانی تاکی کوردیش تادەهات بەرەو ناخۆشتر دەچوو و چیتر بەرگەی نەهامەتی زیاتری نەدەگرت، هەربۆیە میللەت لەوکاتەدا پێویستی بەدەیان فەرهادی فریاد ڕەس بوو، فەرهادیش وەکو هێمایەك ئەوە نەبێ زۆر شاراوە بێت بەڵکو ڕوون و ئاشکرا بوو و گەواهی بوێریی شاعیرە و لەکاتێکدا بەکاری هێناوە ئەلف و بێی زمانی دوژمن هەر ئاگر و ئاسن بووە، وێنەکانی ئەم شیعرەی شاعیر تۆمارێکی وردی ئەوپەڕی شەکەتیی و ماندووبوونی میللەتە بەدەست چەوسانەوە و زوڵم و زۆری داگیرکەرانەوە، بۆیە بەردەوام ڕووداوەکان هێندە لەوێنەکاندا زیندوون دەڵێی ئێستایە ڕوودەدەن، فەرهادیش دەبێ چیتر لەوە زیاتر دوا نەکەوێ و وەکو هێمایەکی ڕوون و ئاشکرا، بۆیە لەلایەن شاعیرەوە بەکارهاتووە بۆئەوەی پەیامەکەی زووبگا و دوانەکەوێ چونکە گەرووی شار وشکە و دەبێ فەرهاد پاراوی بکات، شاعیر ئەم حاڵەتەی میللەتی، بەم شێوەیەی خوارەوە بەرجەستە کردووە:

شار هەنگاوی بەرەو ژوورکەی ل١٣
ڕێبوارێکی پەك کەوتووە
شار هەنسکێکی ماندووە
پەرێزێکی گڕ تێچووە

فەرهاد کەی دێی؟! فەرهاد کەی دێی؟!

ئەم وێنانە گەیشتن بەلووتکەی نەهامەتی و کارەسات بەرجەستە دەکات و زیندوو ڕاگرتنی سالآنێکی تەمەنی ئەم میللەتەیە، ڕێبوارێکی پەك کەوتوو، هەنسکێکی ماندوو، پەرێزێکی گڕ تێچوو، هەموو ئەمانە چواندنی ڕەوانن و وێنەکانیان پێ چوێنراوە و ئەوە ڕادەگەیەنن کەچارەنووسی میللەت لەکەلی فەوت و نەماندایە... دوایش لەبەکارهێنانی ڕستەی (کەی دێی؟! کەی دێی؟!)دا زەنگێکی مەترسی لێدەدا دەبێ فریای کەون.. ڕەنگە دوای کەمێکی تر بلێ هاتنت بێ سوودە.

لەو کۆپلانەی کەفەرهاد تێیاندا دەدوێ تاڕادەیەکی باش سیفەت و کردەوەکانی فەرهادی وەکو خوازە بۆ خەبات و چالاکییەکانی خەباتگێڕان و دلسۆزانی نیشتمان بەکارهێناوە وەکو دەلێ:

هۆ شیرین گیان
دوای وەرزی قولنگ وەشاندن ل١٤
دوای ماندووبوون
هەناسەکەم کەئەرژێتە سەر ڕووی بیستوون
وێنەی شیرین نەخش دەکا

واتا نەخشە و سنوورە لەت لەتکراوەکەی کوردستان بەیەك پارچەیی لەدل و دەروونی خەباتگێڕاندا دەژی هەناسە و ترپەی لێدانی دل بەهەنگاوانی ڕۆیشتن دەزانێ بەرەو ئەو ئامانجە پیرۆزە، بەلآم دەبوایە شاعیر بیوتایە (وێنەت نەخش دەکا) نەك (وێنەی شیرین نەخش دەکا) چونکە ڕاستەوخۆ لەگەل شیریندا دەدوێ کەدەلێ (هۆ شیرین گیان) دوایش کەدەلێ (هەناسەکەم کەئەرژێتە سەر ڕووی بیستوون) ئەو هەناسەیە هێندە تێکەل بەورە و خەم و خەفەتی نیشتمانە، واهەست دەکەی خوێنە و دەڕژێت چونکە هەرخەم و فرمێسکە لافاو دەبەستن وەك دەلێ:

وێنەکانی وەك ڕووباری ئەو چاوانەت ل١٤
لافاوی خەم، خۆشەویستیی تیا هەلساوە

دوایش لافاوی خۆشەویستی شاعیر زیاتر سەردەکات و سنووری ولآت تێدەپەڕێنێ و وێنەکانی دەبنە گۆرانیەکەی (پۆل روبسن) و دەنگیش بەشەپۆلەکانی هەنگاو دەنێ بۆئەوەی سنوور تێپەڕێنێ و هەموو جیهان بەعشق و ئەوین پاراو بکات.

فەرهاد لەم کۆپلانەدا بەشێوەیەکی واقیعی دەدوێ، وتەی ساکار بەکاردێنێ ئەمەش سەرکەوتوویی چنینی وێنەکەیە، چونکە هیچ لەوتەکانی بۆ واتای خۆی بەکارنەهاتووە و دەتوانین بەم شێوەیە لێکیبدەینەوە و لەوانەیە شاعیر بۆچوونی تریشی هەبێ.

فەرهاد : واتای خەباتگێڕە دلسۆزەکانی نیشتمان
شیرین : نیشتمان

واتا ئەو هەموو وتە و دەربڕینانەی فەرهاد بۆ واتای خۆیان بەکارنەهاتوون بەڵکو خوازراون بۆ ئەوەی کار و خەباتی خەباتگێڕان بەرجەستە بکەن. ئەم جۆرە هونەرەی ڕەوانبێژی هونەری خواستنی نوواندنە (الاستعارة التمثيلية) چونکە خواستنەکە لەتەنیا وشەیەکدا نییە، بەڵکو تێکڕای دەربڕینەکە خوازراوە بۆئەوەی واتایەکی تر بگەیەنێ نەك واتاکەی خۆی و ڕووی لێکچوونیش زۆرە و لەنێوان چەند شتێکەوە هاتووە نەك تەنیا دووشت.

- فەرهاد ⟵(خۆفیداکردن)⟵ پێشمەرگە (خەباتگێران)

- شیرین ⟵(لەپێناویاندا فیداکاری دەکرێت)⟵ نیشتمان

- دوای وەرزی قوڵنگ وەشاندن ⟵ دوای شەڕی سەخت و خوێناوی لەگەڵ دوژمن

- هەناسەکەم کەئەڕژێتە سەر ڕووی بیستوون ⟵ خوێنی پێشمەرگەکانی ئەڕژێتە سەر شاخەکان

دوایش ئەو خوێنانە گوڵ دەبەستن و سنووری کوردستان دیاری دەکەن، ئەم جۆرە هونەرە لەسەر لەیەکچوونی پێوەندییەکان بنیات دەنرێت، پێوەندی پێشمەرگە بەنیشتمانەوە = پێوەندی فەرهاد بەشیرینەوە ، خەباتی پێشمەرگە لەپێناو نیشتماندا = کۆششی فەرهاد و هەوڵی لەپێناو شیریندا

لەو کۆپلانەی کە شیرین تێیاندا دەدوێ، لەزۆر شوێندا ئاسایی نادوێ هەروەکو لەبارەی وتەکانی فەرهادەوە ئاماژەمان پێ کرد، لێرەشدا دەڵێین شاعیر دەبوایە هەڵسوکەوت و بەسەرهاتەکانی شیرینی لەچنینی وێنەکاندا بەکار بهێنایە و ئەوکاتە دەبوون بەخوازە بۆ بەسەرهات و نەهامەتییەکانی نیشتمان، شیرین خۆی خوازراو و ئەوەی دەیلێ دەبێتە خوازە بۆ نەهامەتییەکانی نیشتمان وەك:

هۆ فەرهاد گیان      ل١٣

.........

نیگاکانم سۆماییان داهاتووە

........

بۆهاتنت شار برسییە

شار تینووە

واتا: ئەی پێشمەرگە، فریامان بکەوە و ڕزگارمان بکە......

دوایش بەشێوازی چواندن دەڵێ:

شار.......

پەرێزێکی گڕتێچووە

شاعیر، شیرینی هەر لەوشەی شیریندا ناساندووە و هیچ کردەوەیەکی شیرینی نەداوەتە پاڵ و ئەوەی دراوەتە پاڵ سیفەتی نیشتمانە، لەشێوازی دیالۆگدا زمانی کەسەکان دەبێ بەپێی ئاستی خۆیان بێت، بەڵام

لێرەدا شاعیر تواناى هونەرى خۆى تێکەڵ بەتواناى کەسایەتییە بەشدارەکانى چیرۆکەکە کردووە، باشتر دەبوو ئەگەر شاعیر لەجێى ئەوەى ئەو توانا هونەرییەى خستووتە سەر پەیڤى کەسەکان هەر زمانى خۆیانى بەکار بهێنایە، چونکە وتەى هەریەك لەو کەسانە بەهەموو وردەکارییەکانیانەوە خوازراون بۆ گەیاندنى واتاى تر، شاعیر لەکۆپلەیەکى تردا دەڵێ:

پەپوو لەناو لانەى هوزارا ئەخوێنێ ل ١٧
فەرهاد زووکە
تەمى خەستى گلێنەمان بڕەوێنە
قوڵنگەکەت بوەشێنە
تاوێرى بێستوون برمێنە

شاعیر لێرەدا (پەپوو)ى بۆ بێگانە خواستووە. کەئەمە لەچیرۆکەکەدا نییە تەنیا شاعیر خۆى وەکو خوازە هێناویەتیەوە لەکاتێکدا دەیتوانى بەکر مەرگەور یان هەرکەسێکى تر کەڕۆڵى خراپە دەگێڕن لە چیرۆکى فەرهاد و شیریندا لێرەدا لەجێى پەپوو بەکاربهێنرایە، چونکە شاعیر خۆى تێکڕاى بەخوازە بەکارهێناوە. بەڵام دوایى کەدەڵێ :

قوڵنگەکەت بوەشێنە ل١٧
تاوێرى بێستوون برمێنە

دەگەڕێتەوە سەر شێوازى ڕاستى بەکارهێنانى هێما یان خوازەکە چونکە قوڵنگ وەشاندن و بێستوون ڕووخاندن کردەوەى فەرهادن و دەبنە خوازە بۆ خەباتى پێشمەرگە و خەباتگێران کەمەبەستى ئێمەش ئەوەیە کە ڕێڕەوى چنینى وێنەکان بەم شێوەیە بووایە.

(پیرەژن)یش هێمایەکى سەرەکى ترە کە شاعیر بۆ بەرجەستەکردنى لایەکى ترى کێشەکە پەناى بۆ بردووە کەئەویش دوژمنانى کوردە، کەبەردەوام لەبۆسە و پیلانگێڕاندا بوونە دژ بەم میللەتە، هێماى پیرەژن هێمانییە بۆ پیرەژنێکى ئاسایى، بەڵکو ئەو پیرەژنە ئەفسانەییە فەرهاد کوژەیە کەدڵ و دەروونى بەبێ بەزەیى و بەمەرگى خەڵکى پاراو بووە، وێنەکانى شاعیر لەو کۆپلانەى کە پیرەژن تێیدا دەدوێ هەناسەى لەژیان بڕیوە، سەرەتا دەبێتە کەڵەشێرێکى ناوەخت و شووم دەقووقێنێ دوایش دەبێتە پەپوویەك بۆ وێرانکردنى شار و هەموو هێلانەکان دەخوێنێ، چاوى تیژى وێنەکانى شاعیر زۆر لایەنى ژیانى گرتووەتەوە و پێکاوێتى تاگەیشتووەتە دڵۆپە ئاوى ناو ڕەنگى سەوزایى و گڕى تێبەرداوە، لەشیعرەکەیدا پیرەژن لەسێ کۆپلەدا سێ جار خۆى نمایشدەکا، هەرجارێ بەشێوەیەك پەلامارى شیرینى میللەت دەدا. سەرەتا بەخوێندنى شوومى کەبەردەوام ئارەزووى کەلاوە و وێرانەیە دوایش بەڕێگاى ئاڵوگۆڕکردنى ئەرکى هەردوو لاى وێنەکە (پیرەژن، دوژمن) چنینى وێنەکان لەلایەن شاعیرەوە بەردەوام دەبێ، لەسیخدانى پێچووە قومرى و نەخشاندنى دڵى ساوا بەخوێنى ئاڵ و بارینى گەراى مەرگ، هەموو بەرجەستەکردنى مەرگى فەرهاد و شیرینە و، نەگەیشتنیایە بەیەك .




ئەوەی زیاتر پەردەی لەڕووی هێمای پیرەژن ڕامالّیوە ئەوەیە کەتەنیا پیرەژن خۆی وەکو خوازە هاتووە لەگەڵ فەرهاددا، کردەوەکان کردەوەی دوژمنن، ڕمی ژەنگاوی، نەخشاندنی دڵی ساواکان بەخوێن، بارینی گەرای مەرگ، ئەمانە هیچیان لەچیرۆکی فەرهاد و شیریندا و پیرەژندا ڕوونادەن بەڵکو ڕووداوی تری چوون ئەمانە ڕوودەدەن کەهی ئەوانە (واتا هی شیرین، فەرهاد، پیرەژن)ە واتا وێنەکان سەرکەوتووتر دەبوو ئەگەر شاعیر کردەوە ڕاستییەکانی پیرەژنی بهێنایەتەوە و ببوایە بەخوازە بۆ کردەوەکانی دوژمن بەلاّم دیارە شاعیر ویستوێتی ڕاستەوخۆ پەیامەکەی بگەیەنێ لەوێنەکەدا کەدەڵێ:

کەپرمانم گەرای مەرگ و ڕشانەوە ل١٥

بەناو شارا ئەبارێنم

لێرەدا (گەرای مەرگ) کە شاعیر لەچنینی وێنەکەدا بەکاری هێناوە فۆتۆ کۆپییەکی وردی ئەو مردنە لەسەرخۆیە بووە کە میللەت تێیدا دەژیا چونکە سەرەڕای ئەو کوشتن و بڕینە کە دوژمن بەمیللەتی کوردی دەکرد کاری تری دەکرد کە ناڕاستەوخۆ ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕێتەوە وەکو دژایەتیکردنی زمان و پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستن کە لەئەنجامدا میللەتی بەرەو لێواری مەرگ دەبرد.

## ئە نجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتووین بەم خالاّنەی خوارەوە :

١) شاعیر هەڵچوونە دەروونیەکانی لەچنینی وێنەدا لەئاستێکی بەرزدایە هەر لەبەرئەمەشە هونەرە کاریگەر و بەرزەکانی ڕەوانبێژی (خواستنی شاراوە، چواندنی ڕەوان) بۆ بەرجەستەکردنیان بەکارهێناوە.

٢) شاعیر لەنووسینی شیعردا وچان بەوشە نادات بەڵکو بەردەوام بەوێنە باری دەکات و زۆر چڵ و پۆپ لەوێنە دەکاتەوە.

٣) شاعیر زۆر ئالوودەی سروشتی کوردستانە لەبەرئەمە کەرەسەکانی سروشت بەردەوام ڕەگەزی گرنگی چنینی وێنەن لەلایەن شاعیرەوە.

## پەراوێزەکان

1) کەمال غەمبار، بنیاتی وێنەیی لەشیعری نوێی کوردیدا، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ ٣٢-٣٣.
2) سورەتی (الانفطار)، ئایەتی ٨.
3) سورەتی (آل عمران)، ئایەتی ٦.
4) د. محمد مندور، الأدب وفنونه، دار النهضة، مصر، ل٢٤.
5) د. على البطل، الصورة في الشعر العربي، ل ٣٠.
6) أبو الشريف ابو الحسن محمد أحمد، تلخيص البيان في مجازات القرآن، ص١٢٣.
7) د. جابر عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، ل ٣٩٨.
8) سى دى لويس، الصورة الشعرية، ص ١١٤.
9) ساسين عساف، الصورة الشعرية، ص ٢٩.
10) سيد قطب، التصوير الفني في القرآن، ص ٣٢.
11) الولى محمد، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي والنقدي، ص ٨٠.
12) د. محمد الصباغ، التصوير الفني في الحديث النبوي، ص ٤٨٩.

## سەرچاوەکان


1) أبو الشريف ابو الحسن محمد أحمد، تلخيص البيان في مجازات القرآن، تحقيق محمد عبدالغني حسن، القاهرة، ١٩٥٥.
2) الولى محمد، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي والنقدي، ط، بيروت – لبنان، بدون سنة طبع.
3) د. محمد الصباغ، التصوير الفني في الحديث النبوي، المكتب الاسلامي، ط ١.
4) د. محمد مندور، الأدب وفنونه، دار النهضة، مصر، ط ٢.
5) ساسين عساف، الصورة الشعرية، ونماذجها في ابداع ابي نواس، بيروت – لبنان، ١٩٨٢.
6) سى دى لويس، الصورة الشعرية. ت. احمد نصيف الجنابي وآخرون مؤسسة انجلج للطباعة والنشر، الكويت.
7) سيد قطب، التصوير الفني في القرآن، دار الشروق، ١٩٨٩.
8) د. على البطل، الصورة في الشعر العربي حتى آخر القران الثاني الهجري، الطبعة الثانية/ دار الاندلوس، للطباعة والنشر، ١٩٨١.

### گۆڤار

1) گەلاوێژی نوێ ژ ٣٢-٣٣ ساڵی ٥٠٠٤.

## ملخص البحث

نال الأدب الكردي في السبعينات من القرن المنصرم نصيباً وافراً من البحث والتحليل في شتى مجالاته، إلا ان هناك شعراء رغم براعتهم في نسج صورهم الشعرية لم ينلو اهتماماً يُذكَر من لدن نقادنا الكرد، من هؤلاء الشعراء (انور قادر) والذي تمثل اشعاره مرصداً آخر بحد ذاته.. لذا آثرنا ان نتناول بالبحث والدراسة مانسجته مخيلة الشاعر من صور فنية في قصيدتين فقط من قصائده الشعرية وركزّنا فيه على فنين من فنون البلاغة هما الاستعاره المكنيه والتشبيه البليغ وكما حللنا فيه وبشيء من الاسهاب دوافع الشاعر النفسية في نسجه لتلك الصور.



## Abstract

*Different aspects of Kurdish literature had been studied in the seventieth of 20$^{th}$ century.*

*Although some of the poets, such as Anwar Qadir, who were being competent in creating poetic images but they were not given sufficient value.*

*Therefore, this thesis, dissertation is an attempt to study the things that the poet's imagination created poetic images.*

*In addition, this research focuses on two types of Rehtoric which are hidden metaphor and Rehtoric simile*

*Finally, a detailed account of the psychological motivations in creating poetic images are presented.*